کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
5-1-2007 15:36بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## هەمووکات دەسەڵات هۆکاری گرفتەکانە، ئەمجارە نەخوێندەوارێک! ... تایەر حاجی حەسەن

لەسێدارەدانی (سەدام) بوو بەهۆکارێکی وا بەناچارانە و بۆ ئەوەی تەواوی کۆمەڵگەی عێراقی و سەرجەم جیهان بڕوا بکەن بە کۆتایی تەمەنی دیکتاتۆرێکی دڕندە، ناچار پیشاندانی جێگای لە سێدارەدانەکەی بووە هۆی مشتومڕێکی زۆر و کاردانەوەی جۆراو جۆری لێکەوتەوە. ئەوەی جێگەی ئەم باسەیە، ناسینی ئەو ڕووە شاراوەیە بوو کە تا ئێستا حکومەتی بەناو (عێراقی) بانگەشەی دەوڵەت بوونی خۆی تێدا دەکات. وێنە گرتنی چرکەساتی کۆتایی ژیانی دیکتاتۆرێکی کەم وێنە، تەواوی ڕیاکاریەکانی ئەم بەناو دەوڵەتەی دەرخست و ئەودیو پەردەی نهێنیەکانی هەڵماڵی. تەنها نمایش کردنی ئەو وێنانە دەری خست شتێک نیە لەو جێگایەی ناوی عێراقە پێی بووترێت دەوڵەت و پێناسە و شیکردنەوە نێو دەوڵەتیەکانی نێو دەوڵەتێکی سەردەمیانەی بەسەردا بسەپێنرێت. ئەو وێنانە و جۆری شاردنەوەی دەم و چاوەکان هەر لە کار و کرداری گرووپێکی مافیایی دەچوون و نیشانی دا ئەو کۆمەڵگەیە بە چ ئەندازەیەک تابنی گوێی غەرقی قوڕاوی تائیفەچێتی بووە.

هات و هاواری ئەو کەسایەتیانەی ئامادەی جێبەجێ کردنی ئەو (کارە خۆ دووبارەکردنەوەیەی ڕەفتارئاسا) ی دڕندەی مل لەبەردەم پەتی سێدارەدا وەستا بوو، سەلماندی ئەوە تەنها بەشێکی سەرەکی و حاشاهەڵنەگری مێژوویەک لە تۆڵەسەندنەوەی تائیفی و مەزهەبی بوو، نەک لێپێچینەوە و بەدوادا چون تا تەواوی کارە دژە ئینسانیەکانی ڕژێمێک بەرەسمی بناسرێت بە جیهانی سەردەست و وەک قەرزاربارترین و زاڵمترین ڕژێم بنسرایە بە جیهان. چونکە مێژووی ڕابردووی ئەو ڕژێمە تەنها بە تۆڵەسەندنەوەی نەتەوەیەک یان چەند گروپ و مەزهەبێکەوە خۆی نمایش نەکردبوو، بەڵکو ئەو وەک قوتابخانەیەکی بەعسیزم و خاوەن سەرکردەیەکی مێژووی و قارەمانێکی کەم وێنە خۆی بە کۆمەڵگە و تەواوی جیهان ناساندبوو. بۆیە ئەو گرفت نەبوو لای تۆ کێیت و سەر بە چ ڕەگەزێکیت؟ ئەو واتە (ئەو ڕژێمە و سەرکردەکەی) تۆی هێندە دەویست کە لە ژێر فەرمانی ئەودا بیت و بەدەر لە ئامانجەکانی بۆت نەبووە هەنگاوێکی جیاواز یان بیرکردنەوەیەکی جیاوازت هەبێت. ئەو دەسەڵاتە و مێژووە پڕ لە شەرمەزاریەکەی تەنها بەو تۆڵە لێکردنەوە و ملکەچ کردنی گشتی بۆ ژێر دەواری بەعسیزمی سەدام دەیتوانی مانەوەی خۆی ڕابگرێت. جیاوازیەکان بەم ئەندازەیەی ئێستا جیاوازی تائیفەیی نەبوو، هێندەی خواستێکی ملدانی گشتی بوو بۆ ستراتیژیەتێک کە دەوڵەتی بەعس و سەدام داڕێژەری بوون.

لەو دیمەنانەی پیشان دران وەک پێشتر لە بابەتی پێشومدا ئاماژەم بۆ کردووە، مانەوەی جیهانبینی لە سێدارەدان یان هەڵواسین هەمان ڕابردووی ترسناک و لێڵ بەڕوی کۆمەڵگەدا دووبارە دەکاتەوە و هەرجارەی بە شێوەیەکی جیاواز و بە ئایدۆلۆژیایەکی دیکە کۆمەڵگە گۆش دەکات. ئەو مەبەستە و ئەو هات و هاوارە بەرەسمی ئاشکرای کرد کە دەسەڵاتی ئەمڕۆ و داهاتوو بەو مەرجەی خەڵکی ئابەم شێوەی ئێستای خۆی پەلکێش بکات بە دوای ستراتیژی تائیفی و شێعگەریەتیش ببێت بە پێناسەیەک بۆ زۆرینەی دانیشتوانی عێراق، ئیتر ئەوە بۆ دەوارانێکی نادیار خۆسەپاندنی ئەو هێز و دەسەڵات و مەرجەعە شیعیانە دەبن بە زمان حاڵی ڕەسمی کۆمەڵگەیەک و بەناوی گشتیەوە درێژە بە ئایدۆلۆژیاکەی خۆیان دەدەن و گۆڕستانێکی کە بۆ کۆمەڵگە بنیات دەنێن! ئەمڕۆ دوای پیشاندانی ئەو دیمەنانە و لێکەوتنەوەی جۆرێک لە نارەزایەتی دەسەڵاتە جیاوازەکانی دنیایی عەرەبی و ئیسلام و دەسەڵاتە نێو نەتەوەییەکان، ناچار بەرپرسانی جیهەتی شیعەگەریەتی بەرپەرچی ئەو هات و هاوارەی ئامادەبوانی جێبەجێکەر بەوە دەدەنەوە، گوایە ئەو وێنانە و هات و هاوارە لە کەسێکی نەخوێندەواری

پاسەوانەوە دەرچوە و تاوانی ئەوانی دیکە نەبووە! ئەمە قسەی کەسایەتیەکی حکومەتی (مالکییە) کە ڕۆژنامەی (شەرق ئەل ئەوسەت) ی (ژمارە 10263 ڕۆژی 2007/1/3) ئاماژەی پێدەکات و بەم شێوەیە دەیانەوێت ئەو بانگهێشتەی بۆ (مەهدی) دەکەن بیسەپێنن بەسەر ئەوکەسە (مەحدود ئەلتەعلیمەدا) ! بەڵام ڕاستیەکان ئەگەر واشبێت بۆخۆی سەلماندنی ئەو بانگهێشتنانە ڕوون دەکاتەوە کە دەسەڵاتی نوێش بە چ ئەندازەیەک هۆگری خوێن ڕشتن و جیهانبینی تاریک پەرستییە.

ئاماژەکان بۆ بنیات نانی جۆرێک و هاوشێوەیەکی حکومەتی ئیسلامی سیاسی شیعیانەی ئێرانی هێندە زۆرن و زەمینەی واقعیش بە جۆرێک ڕێخۆشکەرە بۆ بنیات نانی ئاوەها دەسەڵاتێک، دژایەتیەکانی نێو باڵەسیاسیەکانی ئەحزابی کۆنەپەرستی مەزهەبی و قەمی شۆڤێنستیانەی عێراقی و لە غیابی بەدیلە مەدەنیەکان بۆ بنیات نانی کۆمەڵگەیەکی سکولار، هەرئەم مەینەتهێنەرانە دەتوانن ببنە نمایندەی کۆمەڵگە.

لە بەرنامەی (ئیتجاهی موعاکس) (کەنالی ئەلجەزیرە) پاش هەلواسینی سەدام. بە ئامادە بوونی هەردوو کەسایەتی (مەشعان جبوری و سادق موسەوی) هەموو کۆنەپەرستی و ئایدۆلۆژیا دیکتاتۆریەکانی خۆیان بۆ کۆمەلگە ئاشکرا کردوو، بەنێو شەڕو سوککردنی یەکدیداو هات و هاواریان بەرانبەریەکتری بە هەموو بۆ چوونە مۆدێرنەکان نارێک دەهاتەوە لەگەڵ ئەوەی ئەم کەسایەتیانە بتوانن نوێنەرایەتی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ بکەن. تا وای لێهات نوێنەری شیعە بەرەسمی وتی (ئێمە چاوەڕێی مەهدی دەکەین و بەو ئومێدەوە دەژین، لەهەمان کاتدا وتی بۆ ئەبەدی ئیعلانی دەسەڵاتی عەلەوی دەکەین لە عێراقدا)، دیارە بەرامبەریش لەم باشتری پێنەبوو بۆ کۆمەڵگە، چونکە ئەمی نمایندەی شۆڤێنستی بەعس و نەتەوە پەرستی عروبە هەڵگری هەمان ئایدۆلۆژیا دەگەیەنێت! بەڵام لێرەدا قوربەسەریەکە بۆ دەسەلاتدارانی کوردە کە خۆیان گریداوە بەم ئایدۆلۆژیا مەزهەبیەوە و ئایندەی خەڵکی کوردستانیان بەدەستی ڕەنگینی خۆیان ئاراستەی نێو ئەو جەهەنمە کردووە! دەکرێت بشگەین بەو ئامانجەی ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی کوردستان قازانجێکیان بە چنگ نەکەوێت لەو بازنەیەدا ئایا بەم کارە هەڵدەستن! ئەی ئەوانیش خوازیاری ئەوە نین کۆمەلگە بۆ هەمیشە دواکەوتویەتی و دور لە ئازادی بیرکردنەوە ببێت بە بەشی ژیانیان و ئەمانیش لە سایەیدا بحەسێنەوە! ئەگەر وانەبوایە حەتمەن کارێکیان دەکرد بۆ ئەوەی بیانتوانیایە ئەوکارەسات و جینۆساید کردنەیان بەڕەسمی بسەپاندایە بەسەر سەدام و ڕژێمەکەیدا و حکومەتی عێراقیشیان ناچار بکردایە بچوایەتە ژێر باری دانپیانانی ڕەسمیەوە و ملکەچ ببوایەن لە بەرانبەر خەڵکی کوردستاندا. نەک ئەو جینۆساید کردنە بە قەرەبوو کردنەوە کۆتایی پێبهێنن و بەم کارە بیانەوێت ویژدانی خەڵکی ئاسودەبکەن!

کاردانەوەی جیهانبینی دەسەڵاتە جۆراو جۆرەکانی جیهانیش نابێت بمانخاتە نێو ئەو بڕوایەی کە شوێن پێهەڵگریان بین، چونکە ئەم پەردە بەڕوو هەڵماڵینەی نمایشی هەڵواسینی دیکتاتۆر و کاری دەربڕینی سۆز و ویژدانیەتی ئەمڕۆی دەسەڵاتدارانی سەرمایە و قازانج پەرستی لە ڕێگایەکی جیاوازترەوە دێن بە دژی ئەو دیمەنانەوە دەوەستنەوە. ئەم بەڕێزانەی ئێستا دژی حوکمی لە سێدارەدانن وئەیانەوێت ئەم حوکمە ئیلغا بکرێتەوە، جێی خۆیەتی. بەڵام ئەکرێت ئەوهەموو زەمەنەی پێش ئەم کارە و ئەو سەدان هەزارەی کە هەڵواسران و بە زیندوییەتی خرانە ژێر گڵەوە و چاوگوێ هەڵدەکەنران، ئەو کات بۆ نەهاتن حەملەی ئیلغا کردنەوەی جیهانبینی هەڵواسین و ئیدانەی ڕژێمەکە بکەن! ئاخۆ ئەو کەسانەی هەر لە سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆرەوە تا دەگات بە ئێستای حکومەتی تائیفی و خێڵەکی کاتێک لە سێدارە دەدرێن، کێ دەزانێت پێش کوشتنیان چ جۆرە ئەتک کردنیاکیان پێوە دەکرێت؟ ئەو چرکەساتانەی کە (بوتڵ و دار دەبرنە ئەو خەڵکانە و تا دەگات بە ئیغتیساب کردن؟ ئەی

ئەوکاتانە بۆ نەهاتن ئەم حەملەیە دەست پێبکەن؟ ئەوانەی ئێستا سەردەبڕدرێن و چاوگوێیان هەڵدەکۆڵرێت ئەمانە چ جیاوازیەکیان لەگەڵ سەرۆکێکدا هەیە! کاتێک دەکرێن بە ئامانجی تەسەورە سیاسیەکانی ئەمڕۆی ناوچەکە و ململانێ جیهانیەکانی نێو نیزامی سەرمایەداری.

یان ئەمان تەنها مەبەستیان ئەوەیە شکۆمەندی سەرۆکێک بەوجۆرە نەبینن و هیچی دیکەنا! حەملەی ئێستای ناڕازیەتیەکان و قبوڵکردنەکان بەهەردیوێکیاندا لێکی بدەینەوە یەک مانا دەبەخشێت ئەویش وەحشیەتی شۆفێنیستانەی دەسەڵاتی سەرمایەداری و دەسەڵاتە فیئوداڵەکانی وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتە. گریانەکانیان و خەندەکانیان تەواو پێچەوانەی خواست و ئامانجێکە کە خەڵکی ئازادی خواز و سکولار دەیخوازێت. ئەوە هەر ئەو دەسەڵاتدار و نیزامە دڕندانە نین کە بە ڕاستە و خۆ و ناڕاستەوخۆ بە شداری سەرەکی نێو خۆشکردنی ئاگری تائیفە چێتی و کوشتنی کۆمەڵەگەن، تەنها بە خاتری ئەوەی هەریەک بتوانێت ئامانجەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەوی دیکەدا؟ ئەوە هەردەم و هەمووکات دەسەڵات خۆی نەبووە بۆ بەرهەم هێنانی گرفت و پەروەردە کردنی کۆمەڵگە لە قوتابخانەی غەدردا و، کارکردن بۆ نەهێشتنی هەرچ پێگەیەکی ئینسانی بوون و بەدوور لە هەر جیهانبینیەکی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی! دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەیەک لەناو غەدردا پێگەیەنرابێت دەتوانێت تەنها غەدر بنیات بنێتەوە!

دەکرێت بڵێین/ ڕەوایە ئەو کەسانەی بۆ ئەوکارە دیاری کرابوون هەروا خەڵکێکی ئاسای بن و بە ئاوەها کارێک هەستابن! ئایا ئەو کەسایەتیانە بەشێکی سەرەکی و کەسایەتی زۆر تایبەتمەندی نێو ئەو مەرجەعانە نین! (لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتداران لەهەندێ کاری نابەجێدا تاوانەکەی دەخەنە سەرخەلکی هەژاری بە قوربانی بوو، بەلام خۆ.. سادق ئەلموسەوی و مەشعان ئەلجبوری.. خەڵکی نەخویندەوار و سنورداری پەروەردەیی نین، هێندەی بەڕاستەوخۆ نوێنەری حیزبێک و ئایدۆلۆژیایەکن!) بۆیە ماوەتە بڵێین ئافەرین بۆ ئەو پاسەوانە نەخوێندەوارەی (بەزمانی بەرپرس و پەرلەمانتار) کە توانی نهێنی پشتی پەردەی تائیفەچێتی هەڵبداتەوە و دەسەڵاتی حکومەتی مالکی و مەرجەعیەتەکان توشی ئیحراجی بکات!

07/01/04

هۆڵەندا
Hanskk_01@hotmail. com